# ڕێکخستنو بەئەنجام گەیاندنی نارەزایەتیە جەماوەرییەکان، لەگرەوی چیدایە؟

بەشی یەکەم

زمناکۆ عەزیز

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی فاشیستی بەعسو داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، هەروەك چۆن کۆمەڵگای عێراق پێیناوەتە قۆناغێکی ترەوەو، هەلومەرجی ئەو جغرافیایە بەتەواوی گۆردراوە. بەهەمان شێوەش کوردستان ئاڵوگۆری جدی بەسەردا هاتووەو جێگەو ڕێگەی ئەحزابی دەسەڵاتداری ناسیونالیستی کوردستان بەتەواوی کەوتوتە ژێر پرسیاری خەڵکەوە، کە چەندین ڕێپێوانو خۆپیشاندانو نارەزایەتیو مانگرتن، لەسەر گرفتو کێشەی کۆمەڵایەتی جۆراو جۆر بەرەو ڕوویان ئەنجامدراوە، تائاستی ڕووبەڕووبوونەوەو کوشتنی خەڵكو زیندانی کردنی بەکۆمەڵ، لەلایەن هەرکام لەودەسەڵاتانەوە، هەروەها ئاستی نارەزایەتی جەماوەری خەڵکیش پێیناوەتە قۆناغێکی ترەوەو، لەهەمو لایەکەوە دەنگی نارەزایەتیەکان تادێت بەربڵاوتر ئەبێتو فراوانتر ئەبێتەوەو، تەنانەت شێوازی سەرپەشتیکردنەکەشو بەرێوەچوونەکەی لەچاو ساڵانی دوای ڕاپەڕینو بەرلە ڕووخانی بەعس ئاڵوگۆری بەسەردا هاتوە.

ئەگەر بمانەوێت خوێندنەوەیەك بکەین بۆ هۆکاری سەرهەڵدانو گەشەکردنی ئەم نارەزایەتیە جەماوەریانە، ئەوا ئەبێت بەدروست ئاماژە بۆ ئەو عاملانە بکەین کە وەزعیەتەکەی بەم جێگەیە گەیاندوە، ئەوسا ئەتوانین ڕێگەی ڕێکخستنو ڕێکخراوکردنی ئەو نارەزایەتیە جەماوەریانە بدۆزینەوەو بابەتیانە ئامانجە هەنوکەییو ستراتیژیەکانی دیاری بکەینو قۆناغەکانی گەشەکردنی دیاری بکەین، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی هەرکام لە ناوچەو پارێزگاو شارەکان.

بەڵام جیاوازی وەزعیەتی ئێستا لەچاو دەورانی پێشوو لەچەندین ڕووەوە وایکردوە کە زەمینەی ئەو نارەزایەتیانە بەهێزتر بێت، کە لەلایەك دەسەڵاتداران بەپاساوی جۆراوجۆر ئیتر ناتوانن بەئاسانی سەرکوتی بکەن، هەر بەهەمان دەلیلیش خەڵکیش سورترە لەسەر بەجێگەیاندنی خواستەکانیو خوازیاری ئاڵوگۆڕی ئیجابیە لە ژیانو گوزەرانیدا. کە ئەتوانین بەکورتی ئەو دەلیلانە بەچەند خاڵێك دیاری بکەین:

## بیانووی بەعسو هەڕەشەی گەڕانەوەی

وەنەبێت کە مێژووی نارەزایەتەکانی خەڵکی کوردستان لەسایەی حاکمیەتی یەکێتیو پارتیدا بۆ پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس بگەڕێتەوە، بەڵکو لە ڕاپەڕینی 1991 بەدواوە چەندین نارەزایەتیو مانگرتنو خۆپیشاندان بەمەرامی کۆمەڵایەتیو سیاسی ئەنجامدراوەو، ژمارەیەکیش لەو نارەزایەتیانە دەسکەوتی باشی وەدەستهێناوە، کە تائێستاش کاریگەریان ماوە لەژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستاندا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی یەکێتیو پارتی هەمیشە بەبیانووی جۆراوجۆر بەتوندترین شێوە بەرەوڕووی بونەتەوەو، لەباشترین حاڵەتیدا ویستویانە کە ئەو نارەزایەتیانە بەتۆمەتی تابوری پێنجو پاساوی "ترسی گەڕانەوەی بەعس" بۆ کوردستان سەرکوت بکەن.

هەرچەندە مەسەلەی مانەوەی ڕژێمی بەعس لەکورسی حاکمیەت لەبەغدا، ئەو ترسە واقیعیەی خستبووە دڵی خەڵکەوە کە لەلایەك تورەییو بێزاریەکانی خۆی لە ئەحزابی ناسیونالیستی کورد هەڵگرێت بۆ دەورەیەکی تر، لەلایەکیترەوە ئەو فرسەتە نەداتە دەستی ڕژێم کە نارەزایەتی خەڵك بکاتە بیانووی گەڕانەوەی بۆ کوردستان، بەڵام پاش ڕووخانی ڕژێم ئیتر ئەو ترسە نەماو دەسەڵاتدارانیش ئەو پاساوەیان نەما کە بڵێن نارەزایەتیەکانو خواستەکان دەستی بەعسی لەپشتە، چونکە بەعس بەتەواوی لەحاکمیەت گۆڕی گوم بوو، هەرئەمەش فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی کە جەماوەر بەگشتیو لاوانی کوردستان بەتایبەتی ئەم فرسەتە بەدەستەوە بگرنو، بکەونە تصفیە حسابی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانو حساباتی کۆن یەکلایی بکرێنەوە، هەرچەندە ئەم تصفیە حسابو یەکلایی کردنەوەیە لەسەرەتای کاری خۆیدایە.

## قوڵبوونەوەی گەندەڵیەکانو داماوی لەچارەسەری گرفتەکان

نەمێژووی گەندەڵیەکانی ئەحزابی ناسیونالیست، وەنەمێژووی ڕەخنەو نارەزایەتی خەڵك هیچیان پەیوەندی بەڕووخانی ڕژێمەوە نەبووە، بەڵام ڕوخانی ڕژێم ئەو فرسەتەی دابەدەستەوە کە خەڵك بێپەردەتر وزەقترو ئاشکراتر قسەی لەسەر بکەن. چونکە یەکێتیو پارتی لەدوای ڕاپەڕینەوە گەندەڵیەکانی شاخیان بۆ شار گواستۆتەوە، وەبەوپێیەشی کە حاکمی شەرعیو ڕەسمی نەبوون لەکوردستان، لەبەرئەوە هەردەم خۆیان بەمیوان زانیوەو چاوەڕوان بوون کەڕۆژێك ئەمریکا یان بەعس گوێیان بگرێتو وەلایان بنێ، بۆیە هەر لەسەرەتاوە کەوتنە فەرهودکردنی دامودەزگاکانو بەتاڵانبردنی ژێرخانی ئابووری کوردستانو ئاودیوکردنی ئامێرو پێداویستیە زەرورەکانی خەڵکی کوردستان، تادەگاتە گومرگ خستنەسەر پارووی دەمی خەڵكو شیری منداڵان.....هتد، خەڵك ئەم ڕوداوانەیان بیرنەچوەتەوە، بەڵام بۆیە لەبەرامبەریدا بێدەنگیان هەڵبژاردبوو، چونکە دوژمنێکی گەورەتر کە بەعس بوو هێشتا لەژیاندابوو لەسەر تەختی حاکمیەت، بەڵام ئێستا ئیتر هیچ پاساوێك نیە بۆ بێدەنگ بوون، تازە کار بەوەگەیشتوە کەخۆیان دێنو لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە باسی گەندەڵیە ئابوریو ئیداریو سیاسیو فەرهەنگیو ئیعلامیەکانیان ئەکەن، ئیتر خەڵك بۆچی بێدەنگ بێت؟

## مەسەلەی چارەنوسی کوردستان

خەڵکی کوردستان زیاتر لەهەشت دەیە بەدەست ستەمی میللییەوە ناڵاندویەتیو دەیان کارەساتو گرفتی گەورەی بەسەردا هاتوە، بۆمبارانکردنو کارولکاریو ئیعداماتی بەکۆمەڵو کیمیابارانو ئەنفال...هتد، بەشی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان بووە لەسایەی حکومەتە قەومپەرستەیەك لەدوای یەکەکانی بەغدا، بەڵام دوای ڕاپەڕین ئومێدێکی تر بۆ خەڵك پەیدا بوو کە جارێکیتر ئەم ستەمە دووبارە نابێتەوە، ئیلحاقی ئیجباری فەرز ناکرێتەوەو خەڵکی کوردستان تازە هاوڵاتی پلە دوو نابن، ئومێدێك هەبوو کە پاش ئەو هەموو کوشتاروماڵوێرانیو گیانفیداییە، پشویەك دەدەنو ژیانێکی ئارامو ئاسودەیان دەبێت، بەڵام دوای ڕووخانی بەعس وەك لەخەو ڕایان بچڵکێنی ڕاچڵەکین، یەکێتیو پارتی بۆ فراوانکردنی سەهمیەتی دەسەڵاتیان بەرەو مەرکەز ڕۆیشتنو سوێندیان بەیەکپارچەیی خاکی عێراق خواردەوەو، بوونە وەسیلەی چارەسەری خیلافاتی نێوان کۆنەبەعسیو مەلا کۆنەپەرستەکانی سەربە ئێرانو دەوڵەتانی کۆنەپەرستی عەرەبی، بەڵام جورئەتیان نەکردوە لەسەر مەسەلەی کورد، وەك یەکێك لەمەسەلەو گرفتە ئاڵۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فزەیەکیان لێوەبێت، چ جای چارەسەرکردنی. ئەمەش دیسانە ئەبێتە هۆکارێکی گرنگی بەسیاسی کردنەوەی ئەو دەنگە فراوانەی جەماوەر کە زیاتر لەساڵێکە سەریهەڵداوەو دانامرکێتەوە.

بەڵام مەسەلەکە هەربەمەشەوە نەوەستاوەتەوە کە ئەو نارەزایەتیانە لەدوو ئاستدا خۆیان بنوێنن، کە ئاستی یەکەم موتالەباتیو فەرزکردنی ئیسلاحات بەسەر دەسەڵاتدرانو، ئاستی دوەمیش خواستی جیابوونەوەی کوردستانو بەیەکجارەکی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەعێراق، بەڵکو نارەزایەتیەکان بەگشتیو ئەوانەی کەلاوان بەرێیدەخەن بەتایبەتی زۆر ڕادیکاڵو پێشکەوتنخوازانەن، باس لە دابین کردنی ئازادیەکانی ئەکەن، داوای جیایی دین لەدەوڵەت ئەکەن، داوای مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگا ئەکەنو بڕوایان بەیەکسانی نێوان ژنانو پیاوان هەیە، خوازیاری وەدیهێنانی مافە فەردیو مەدەنیەکانن بەگشتی، مۆرکی مەزهەبیو قەومی پێوە نیەو خواستەکانیان بەجۆرێك خواستی گشتین.

بەڵام بۆ دەستڕاگەیشتنو تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەو دەنگە نارازیە گەورەو فراوانە، جووتبون ڕەوتی بەرەوپێشیو تەنانەت بردنی بەرێی دروستی خۆیدا، سەرەنجام ڕێکخستنیو گەیشتنە ڕیزەکانی پێشەوەی ڕابەرایەتی کردنو بەئاڕاستەبردنی، ئەبێت چەند شت بەنەزەری ئیعتبار وەربگیرێت:

1- ئەم نارەزایەتیانە جەماوەرینو مۆرکی ئەم حزبو ئەو گروپو ئەولایەنی پێوە نیە، لەئێستاشدا ئەولایەنە ئەتوانێ تیایدا ببێتو دەوری تیا بگێرێتو دواجارسەرکەوتنی تیادا مسۆگەر بکات، کە خێرا بە بۆیەی حزبی رەنگی نەکات.

2- نارەزایەتیەکان بەمانای ووشە رێکخراو نینو بەجۆرێك عەفەویەت تیایاندا زاڵە، بەڵام ئامادەگی هەیە بۆ بەرێخستنیان، ئەگەرچی رێکخراوەی تایبەت بەخۆیان نیە کە لەوێ نەخشەو بەرنامەی خۆیان دیاری بکەن.

3- هێشتا لەدەورانی ئەوەدان کە خواست بەرزئەکەنەوەو خەریکی ئیصلاحاتن، تائەوەی کە ستراتیژی کاری خۆیان دیاری کردبێت. بەمانایەك نارەزایەتیەکان ئەیانەوێ قانونی بنو لەچوارچێوەیەك کە زهنیەو زاڵە دەرناچێتو هێشتا لەفەلەکی ئەحزابی دەسڵاتدار بەتەواوی رزگاری نەبووە.

4- ئەم نارەزایەتیانەی ئێستای کوردستان سەراسەری نین، تەنانەت لەئاستی شارێکیشدا ئەم قسەیە هەر راستە، مامۆستایانو لاوانو کرێکارانو خوێندکارانو کارمەندانی یەك شار کە هەموویان پێکەوە نارەزایەتی گەورەیان بەرێخستوە، بەڵام هیچکامیان ئاگای لەویتر نەبووەو پشتیوانی لە نارەزایەتیەکانی یەکتری نەکراوە.

5- کەسایەتی ناسراوو دەرکەوتو لەسەر ئاستی ئەو صنفە، یان ئەو توێژە دیاری کراوە، کە سەرکردایەتی نارەزایەتیەکان بکات دەرنەکەوتوە، ئەوەی کە هەیە شخصیاتی مەحەلیو کەسایەتی محدودی ناو ناوەندەکانە، کە کۆسپە لەبەردەم فراوانبوونەوەو سەراسەریکردنی نارەزایەتیەکاندا.

6- ئاسۆی نارەزایەتیەکان رۆشن نیە، هەربۆیە لەهەندێك لەو نارەزایەتیانەدا دەستی ئەم گروپو ئەو تاقمی مخالف بەیەکی ناویەك حزب یان دووحزبی بەرهەڵستکاری یەکتر هەیە، کە بۆمەسەلەی تایبەتی خۆیان سازی ئەدەن، کەرێگرن لەبەرەوپێشچوونی نارەزایەتیەکان، بەمانایەکیتر تائەو جێگایەی کە ئەو دەستانە مەبەستیانە ئەیانەوێ بڕواتو، ئەگەر لەوەزیاتر بچێت خۆیان ئەکەونە بەرامبەریو بەتۆمەتی نارەواو ناراست تاوانباری ئەکەن، هەرچەندەکە بەشێك بووە لە بەرێخستنی.

7- خۆشباوەریەك بە قسەو بەڵێنەکان پاش هەر نارەزایەتیەك، کە سەرچاوەکەی نەبوونی بەدیلێکی جدییە کە تاسەر ململانێکە درێژە پێئەداتو ئامادەی قوربانیدانو سەرکەوتن مسۆگەر بکات.

8- لەگەڵ هێزێك دەرگیرە کە زمانی سەرکوتی هەڵبژاردوە بۆ گفتوگۆ لەگەڵی، تائاستی کوشتن، لەباشترین حاڵەتیدا زیندانو ئەشکەنجە زمانە ئەهوەنەکەیەتی.

## کەواتە چی بکرێت باشە؟

ئەگەر ئەو کێشەو گرفتانەی بەردەم ئەو نارەزایەتیە جەماوەریانە بەهەند وەربگرینو هاوکات

تصوریشمان وابێت کەلە هەڵچونو بەرەوپێشچوندایە، ئەوا ئەبێت بە بەرنامەیەكو بەهەڵگرتنەوەی چەند هەنگاوێك بەسەر ئەو کۆسپانەدا زاڵبینو لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا بتوانین وەزعیەتی ناو ئەم نارەزایەتیانەمان بردبێتە جێگەیەکیتر، کەبرای من بەم قۆناغانە ئەبێت تێپەرێت:

### قۆناغی یەکەم:

بەرگرتن بەهەر ساردبوونەوەو بێئومێدیەك کە لەهەناوی ئەم بزوتنەوەیەدا سەرهەڵنادات بەڵام ئەتوانێ سەرتاپایشی بگرێتەوە، کە ئەبێتە دەستوپێگرو هۆی دواکەوتنو ئەنجامنەدانی کارەکان، بۆ زاڵبون بەسەر ئەم گرفتەداو بۆ چارەسەری ئەمە چەند هەنگاوێکی عەمەلی پێویستە:

أ- کۆبونەوەی بەردەوام لەدەروی یەکترو پەنجە خستنەسەر هەر گرفتو کێشەیەك کە ئەم دڵساردیە دروست ئەکات، هاوکات دوورخستنەوەی ئەو کەسانەی کە بەنەخشەوە هاتوونو ئەیانەوێ ئەم ڤایرۆسی بێئومێدیە بڵاوبکەنەوە.

ب- نوسینی ووتارو بابەتی جۆراوجۆر لەسەر ئەم مەسەلەیەو بڵاوکردنەوەی لە بڵاوکراوە ئەهلیەکانو ئەو بڵاوکراوانەی کە ئەمجۆرە بابەتانە بڵاو ئەکەنەوە، تادەگاتە چاپکردنی ئەو بابەتانەو بەشێوەی دەستی لەناو هەڵسوراوانو رابەرانیان دەستاودەستیان پێبکرێت.

ت- تەرگیزکردنە سەر ئەو جێگایەی کە ئەم گرفتەی نیە، وەکارکردنی جدی بەهەر قیمەت بۆ سەرکەوتنێکی برگەیی، کە ببێتە هۆی گەرانەوەی ئومێد بۆ جێگەکانیتر دووبارە جۆشدانو هێنانەمەیدانیان.

پ- ئیبرازکردنو دەرخستنی کەسە ناسراوەکانیان لەسەر ئاستی میدیاکان، بە قسەو نەخشەو باسی دروستیانەوە.

ج- چارەسەری گرفتە داراییەکانیان بەدامەزراندنی صندوقی کۆکردنەوەی کۆمەك لەناو خەڵك یان بەهەر وەسیلەیەکیتر، بۆ بەرێوەبردنی کارەکانیانو لابردنی رێگریە مادییەکان.

ح- دیاریکردنی نەخشە(ستراتیژ)ی کاری هەر ناوەندێك بەچەند قۆناغ، وەدەستپێکردن بە ئاسانترینیان کە زۆرترین ئیماکانی سەرکەوتنی هەیە.

خ- سوود وەرگرتن لەهەموو بۆنە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی کوردستان، بۆ بەرزکردنەوەی خواستەکانو کۆکردنەوەی زیاترین ژمارە لەخەڵك لەدەوری.

د- ...............

### قۆناغی دووەم:

لێکگرێدانی نارەزایەتیەکانو سەراسەریکردنەوەیان، سەرەتا لەناوەندەکان (کارگە- زانکۆ- گەرەك- خەستەخانە-فەرمانگەکان)ەوە دەستپێبکرێت، پاشان بەیەکەوە گرێدانی رابەرانی ئەم ناوەندانە لە ئۆرگانێکی باڵاتردا، کەئەتوانرێت لەسەرەتادا بەشێوەی نهێنی کارەکانیان ئەنجام بدەن، تائەوکاتەی زەمینەی ئاشکراکردنو راگەیاندنی رێکخراوی خۆیان ئەسازێنن. دیارە ئەم سەراسەری کردنەوەیەش پێویستە بەچەند قۆناغدا تێپەرێت.

أ-سازماندانی هەر ناوەندێك کە نارەزایەتی جەماوەری تیادایە، بەوەی کە دەستەیەك یان گروپێك بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی دابمەزرێتو خەریکی دابین کردنی موستەلزەماتی کارەکانیان بێت، کە هاوکات ئەو دەستەیە یان ئەو دامەزراوەیە- کەگرنگ نیە هەر ناوێکی هەبێت- نوێنەرانی ئەو ناوەندە بنو دیسانەوە گرنگ نیە کە لەسەرەتادا لە هەڵبژاردنی گشتیدا دابمەزرێت، وە یەکێك لەناویاندا ببێتە قسەکەری رەسمیان.

ب- هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی دووکەس یان زیاتری هەریەك لەو ناوەندانە کە نوێنەرن، لە دامەزراوەیەکی سەروتردا (لیژنەی باڵا یان ناوەندی باڵا) کە بەشێوەیەکی گشتی ناوەندی مەشوەرەت کردنو قسەوباس بێت تا ئەوەی ناوەندی بریاردان، بۆ تاوتوێکردنی گرفتەکانو دۆزینەی رێگایەك بۆ دەخالەتی ناوەندەکانیتر، لە هاوپشتیکردنی هەر ناوەندێك کە نارەزایەتیو حەرەکەت بەرێئەخا، هاوکات گواستنەوەی هەواڵەکانی ناوەندەکان لەلایەن نوێنەرەکانەوە بۆ ناو ناوەندەکانی خۆیان.

ت- دامەزراندنی (صندوقێکی پشتیوانی ماڵی) یان لەژێر هەر ناوێکی تردا، کە ئەو ناوەندە باڵایە(خاڵی ب) دایئەمەزرێنێتو سێ کەسی یان زیاتری ناو ناوەندەکان ئەکاتە بەرپرسیاری، ئەویش بۆ کۆمەك کردنی هەرناوەندێك کە توانابیە مادییەکانی لاوازە، دیارە ئەم خاڵە ئەتوانێ ئەو سەراسەریکردنو هاوپشتیە سەراسەرییەی کە باسی لێوەدەکرێت بەشێکی باشی دابین بکات.

پ- دامەزراندنی تۆرێکی هەواڵنێری لەناو ئەو ناوەندانە، بۆ پەخش کردنو بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵو رووداوە رۆژانەیەی کە لەو ناوەندانە روئەدەنو گەیاندنیان بە دەزگاکانی راگەیاندنو سەرەنجام بەسەرجەم خەڵك.

ج- کارکردن بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەیەك کە بەدەست رابەرانی ئەو نارەزایەتیانەوە بێت، بۆ ئاراستەکردنی نارەزایەوتیەکانو دیاریکردنی ئەولەویاتەکانو ...هتد، وە وەك کەناڵێکی تەبلیغی بۆ خستنەبەرباسی ئەو کێشەو گرفتانەی کە خەڵك هەیەتیو ئەو کردەوەو هەوڵە دژە خەڵکیانەی کە دەسەڵاتداران ئەنجامی ئەدەن. وەگەیاندنی هەواڵەکانیان بەیەکتری.

ح- ............

**قۆناغی سێهەم: ئاسۆو ستراتیژی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە.**

ئەگەر ئەو کارانەی کە لەپێشەوە باسکران بەو شێوەیەو باشتر بچنە پێشەوە ئەوکاتە ئەتوانین باسی مەسەلە ستراتیژیەکان بکەین، وەخودی ئەم باسە دەرگای چەندین باسی جۆراوجۆر ئەهێنێتە پێشەوە. چونکە مەسەلەکان ئالۆزتر ئەبن‌و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکانی ناو ئەو بزوتنەوە جەماوەرییە هەریەکەو بەشێوازێك‌و سیاسەتێك ئەیەوێ ئاراستەی بکات. بەڵام ئەم توندبوونەوەیە کاتێك دەبێت کە بزووتنەوە جەماوەرییەکە چەند دەستکەوتێکی گەورەی بەدەست هێنابێت، کەئەوسەرەکەی ئەبێت داڵین کردنی بەشێك لە خواستەکانی خەڵك‌و پاشەکشەکردنی جدی بێت بەئەحزابی ناسیونالیست.

ستراتیژێك کەئێمە خەڵکانی پێشکەوتنخوازو کۆمۆنیست لەناو ئەم بزووتنەوە جەماوەرییانەدا هەمانە، هەر هەمان ستراتیژە کە حزبمان هەیەتی، بەڵام لێرە مەسەلەکە سادەتر کراوتەوەو بەرگە ئایدیۆلۆژیکیەکەی لەبەرداکەنراوە. بەشی ڕیفۆرمیستی ناو ئەم بزوتنەوەیە تائەم جێگایە لەگەڵمان دێن‌و ئەوان بەشێکیان وەك ئیشارەم پێکرد ئیشکالی جدیان لەگەڵ ئەم حزبانە نیەو نایانەوێ بەتەواوی دەستکۆتایان بکەن، بەڵکو بە ئیصلاحاتێك ڕازین کە بۆخۆیان جێگەمەبەستە، چونکە لەوچوارچێوەیەدا کە داین ئەبێت جێگەی ئەوان مەیسەر ئەبێت، ئەوان ئەمە ستراتیژیانەو ئاسۆی ئەوان هەرئەمەندەیە، بۆیێمەش ئەم ئیصلاحاتە ئەکاتە سەرکەوتنێکی گەرورەو ڕێگەخۆشکەر بۆ سەرکەوتنی تەواو. کەپێ‌بەپێی چونەپێشی هەنگاوەکان بڕینی قۆناغەکان باسەکانیش ڕۆشنتر ئەبنەوە. من ئەمەندە بەکافی ئەزانم لە بەشەدا، هیوادارم لە بەشی داهاتوشدا بتوانم ووردترو ڕۆشنتر لەسەر ئەم باسەی ئێستاو هەنگاوەکانی داهاتوو قسەی زیاتر بکەین.